# لە میتینگی گەورەی رۆژی 8ی مارسی گۆڕەپانی فیردەوسی شاری بەغدادا
# لە سەدان گەرووەوە شیعاری جیایی دین لە دەوڵەتو یەکسانی ژنو پیاو هاتەدەرەوە

لەجەرگەی داروخانی باری ئەمنیی لە عێراقدا، لەجەرگەی پەرەسەندنی ململانێی نێوان هێزە تیرۆریستیەکاندا کە بریتین لە ئەمەریکاو تاقمە ئیسلامییەکان کە رۆژانە گیانی دەیان ئینسانی بێتاوان ئەکە نە قوربانیی، وە لەکاتێکدا ئەو هێزە ئیسلامییانەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی ئەکرێن لە هەوڵی سەپاندنی حکومەتێکی ئیسلامیدان لە دوای هەڵبژاردنە گاڵتەجارانەکەی عێراق، ئا لەم هەلومەرجەدا لە رۆژی جیهانیی ژنان لە جەرگەی شاری بەغدادا هوتافی: "بژی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژنو پیاو"، "جیایی دین لە دەوڵەت خواستی هەرئێستامانە"، "بژی رۆژی جیهانیی ژن"، "نا بۆ داگیرکاری، نا بۆ حکومەتێکی ئیسلامی" لە گەرووی سەدان ژنو پیاوی ئازادیخوازەوە دەهاتە دەرەوە. سەدان ژنو پیاوی ئازادیخواز بێباک لە هەلومەرجی نالەباری ئەمنیو بێباک لە تیرۆریزمی هێزە ئیسلامییەکان کە لە هەوڵی ئەوەدان لەرێگەی سەربڕینی ژنانو لێدانو سووکایەتیپێکردنیان وەحشیگەری خۆیان داسەپێنن، وە بێباک لە سەیارە بۆمبرێژکراوەکان، بە کۆبوونەوەیان لە گۆڕەپانی فیردەوس ئەو پەیامەیان لەرێگەی دەیان دەزگای راگەیاندنی جیهانییەوە بە دنیا راگەیاند کە کۆمەڵگای عێراق شایستە ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی ئازادو عەلمانیو خاڵیی لە هێزە تیرۆریستو دژی ئینسانییەکان بێت.

ئەم کەسانە لەریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکەدا بوون کە بەبۆنەی 8ی مارس، رۆژی نارەزایەتی دەربڕین بەرووی هەڵاواردنی جنسیدا، وتەیان پێشکەش کرد: ینار محمد- سەرۆکی رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، عادل صالح- سکرتێری رێکخراوی بەغدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو فەلاح عەلوان سکرتێری یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکانی عێراقو عباس رحمان لەلایەن یەکێتی بێکارانو ژمارەیەکی تر لە نوێنەرانی رێکخراوی ئازادی ژن لە ناوچەکانی بەغداو لەشاری بەصرە.

ئەم میتینگو خۆپیشاندانە لە کاتێکدا بەرێخرا کە حکومەتی سەربەئەمەریکای عێراق هەموو چالاکییەکانی لەم رۆژەدا بریتی بوو لە سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ پێنج وەزیری ژن لە ناوچەی (ئەلخەزرا) لەژێر پارێزگاریکردنێکی توندوتۆڵی هێزەکانی ئەمەریکادا، بۆئەوەی باسی "دەسکەوتەکانی" ژنانی عێراق بکەن لەسایەی داگیرکاریدا! لەکاتێکدا کە بەهۆی هەوسار بەربوونی هێزە ئیسلامی ودژی ژنەکانەوە ملیۆنەها ژن بە بەرچاوی هێزە داگیرکەرەکانی ئەمەریکاوە خزێنراونەتە کونجی ماڵەوە.

گۆڕەپانی فیردەوس بە دەیان لافیتەی سوور کە ئەو شیعارانەی لەسەر نووسرابوو کە لەگەرووی ژنانو پیاوانی ئازادیخوازەوە دەهاتە دەرەوە، رازێنرابووەوە، هەر چۆن دەیان شەقامی شاری بەغدا بە پۆستەرو شیعارەکانی ئەم رۆژە رازێنرابووەوە.

رۆژی دواتر واتە 9ی مارس، رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق کۆنگرەی "ژنانو دەستوور"ی لە هۆڵی ئوتێل میریدیان لەژێر شیعاری "جیایی دین لە دەوڵەت خواستێکی دەستبەجێیە" سازدا. ژمارەی ئامادەبووان ئەوەندە زۆر بوو کە هۆڵی کۆنگرەکەی تەنیبوو. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی رێکخراوی ئازادی ژن لە شارەکانی عێراق کە لە بەصرەو کەرکوکو هەولێرو ناصریەو بەغداوە هاتبوون بەشدارییان کرد.

کۆنگرەکە بە وتەیەکی کورت لەلایەن (حنان الغریب)ەوە دەستپێکرد کەتیایدا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو پیرۆزبایی 8ی مارسی لە ژنانی عێراقو هەموو جیهان کرد. پاشان ینار محمد سەرۆکی رێکخراوی ئازادی ژن وتەیەکی پێشکەش کرد، ئینجا هەریەك لە (ذکری فیصل) نوێنەری رێکخراوی ئازادی ژن لە بەصرە، (رواء علی) لەلایەن لیژنەی قوتابیانی زانکۆی بەصرە، (اخلاص خلف) نوێنەری کۆمەڵەی خێزانە ئاوارەکان لە بەصرە وتەی خۆیان پێشکەش کردو بەدوای ئەوانیشدا وتەی لقەکانی رێکخراو پێشکەش کرا.

پاشان وتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەم بۆنەیەوە لەلایەن سەمیر عادل سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزیەیەوە پێشکەش کرا.

پاشان باسەکان لەژێر ناوی مینبەری یەکسانی نێوان ژنو پیاو سەبارەت بە پێکهاتنی فراکسیۆنی دەنگی ئازادیخوازانەی ژنان لەلایەن ینار محمدەوە پێشکەش بە کۆنگرە کرا.

ئینجا (ندی موید) باسێکی سەبارەت بە ژنانی کرێکار پێشکەش کرد، بەدوای ئەویشدا (هدیل جواد) بانگەوازێکی سەبارەت بە سەنتەری پارێزگاری ژنان لە بەغدا پێشکەش کرد.

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری کۆمەڵێك لە رێکخراوەکانی ژنانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشدارییان کرد کە لە وتەکانیاندا پیرۆزبایی 8ی مارسیان لە ژنانی عێراق کرد.

لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا دەیان رێکخراوو کەسایەتی بەڵگەنامەی فراکسیۆنی دەنگی ئازادیخوازانەی ژنانیان ئیمزا کردو بەم جۆرە چوونی خۆیان بۆ ناو فراکسیۆنەکە راگەیاند کە خوازیاری یەکسانیی هەمەلایەنەی نێوان ژنو پیاوە.

لەشاری کەرکوکیش رێکخراوی ئازادی ژنو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵێك رێکخراوی ژناندا ئاهەنگێکیان بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە سازکرد، کە زیاتر لە 500 کەس بەشداری تێداکرد. لەم ئاهەنگەدا رەمەزان سابیر سکرتێری رێکخستنی کەرکوکی حزب وتەی حزبو عجیبە سعید وتەی رێکخراوی ئازادی ژنی پێشکەشکرد..

شایانی باسە هەر بەم بۆنەیەوە شەقامو گۆڕەپانەکانی کەرکوك بە شیعارەکانی حزبو رێکخراوی ئازادی ژن رازێنرابووەوە کە سیمای شادیو شۆڕشگێڕانەی 8ی مارسی بەشار بەخشیبوو.

لە 8ی مارسی ئەمساڵ لە عێراقدا هێزە ئیسلامییەکانی لایەنگرو هەروەها نەیاری ئەمەریکاو داگیرکاری وەڵامی رەوتی ئازادیخوازو ئینسانی وەرگرتەوە کە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو رێکخراوی ئازادی ژن نوێنەرایەتی دەکرێت.

بژی 8ی مارس

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژنو پیاو

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

رێکخراوی ئازادی ژن

2005/3/10